کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 2:25 13-9-2007

**لەیادی شەش ساڵەی 11 سێپتێمبەر وئەمەریکا لەکوێی بەرەی جەنگی تیرۆر دایە؟ ... ڕەوا عەبدوڵڵا**

ڕاگەیاندنی جەنگ لەلایەن وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژی تیرۆر لەدوای چەند کاتژمێرێك بەسەر هەردو هێرشەکەی 11 سێپتێمبەری ساڵی 2001 کەهەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لە نیویورك وبارەگای وەزارتی بەرگری ئەمەریکی لە پنتاغۆن کردە ئامانج، ئەوەی سەلماند کەجیهان لەبەرەیەکی جەنکێگی شاراوەی قورسدایە، ئەوجەنگیەی کەئەگەر هەماهەنگی نێودەولەتی نەبێ هیچ وڵاتێك بەتەنها توانای رووبەرووبوونەوەی نیە.

هەر ئەم بۆچونەش بوو وای لەئەمەریکا کرد بەئاشکرا بانگشەی هاوکاری وولاتانی جیهان بکات لەبەرامبەر ئەم جەنگە هەڵوێستی خۆی یەکلابکەنەوە، بەپشتگیری یان دژایەتی کردنی ئەم جەنگە ئەم هەلوێستەی ئەمەریکاش وولاتانی جیهانی کردە چەند بەشێکی جیا هەندێ وولات کەهەرلەسەرتاوە بە ویست یان بێویستی خۆیان کەوتنە لایەنگیری و پالپشتی لەم جەنگە بەشێکیش هەرلەسەتاوە دژیاتیان کرد بەسیناریۆیەکی تری ئەمەریکیان ناوزەند بۆ دەست بەسەر گرتنی جیهان بەشێوەیەکی تر، هەندێ تریشیان ووردەووردە دوای بەدەرکەوتنی بەرژەوەندیەکانیان بەشێوەیەك لەشێوەکان پاڵپشتیان لێ کرد.

وەك دەزانین سەرەتای جەنگی تیرۆرش بەهێرشێکی گەورەی عەسکەری بەسەرکردایەتی وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان دەست پێکرد دوای ئەو لێکۆلینەوانەی دەریان خست کەرێکخراوی قاعیدە لەپشتەوەی ئەم هێرشەوەن کەئاکامەکەی رووخانی رژێمی تالیبانی لێکەتەوەوبووە هۆکارێکیش بۆ بەدەرکەوتنی چەندی خەلایەی رێکخراوی قاعدە و بوزوتنەوەی توندرەوی ترکە لەلایەن ئەم وولاتەدا دالدە دەران، وەك راپۆرتەکانیش ئامازەیان پێدا ئەم خەلایانە لەئامادەباشی دابوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی چەندی هێرشی هاوشێوەی نیویورك وواشنگن، هەرئەم راپۆرتانەش بۆچوونی وولاتانی جیهانی یەکخست لەمەر هاوپەیمانییەکی نێودەولەتی لەدژی تیرۆر.

وەك ئامازەشمان پێدا سەرکەوتنە سەرەتاکانی ئەمریکا بەلەناو بردنی ڕژێمی تالیبان هێناسەر دەسەڵاتی حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی حمید کرزایی وەدەرنانی بزووتنەوە ئیسلامیە توندەرەوکان وریێکخراوی قاعیدە، وای لەئەمریکاوهاوپەیمانانی کرد هەنگاوی دووەمی جەنگی دژە تیرۆ بەرە عێراق ئاراستە بکەن بەتایبەتی دوای ئەم هەموو ئاژاوەودلەراوکێیەی سەرانی ئەم وولاتە لەناوچەکە دورستیان کردبوو (دوای چەنگی کەنداو) ، ئەمەجگەلەدژایەتیکردنی سەرەکیترین هاوپەیمانی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەراست (ئیسرائیل و... هتد) ، ئەمانە هەمووی بۆنە هۆی ئەوەی کەئەمەریکا بەبێ گوێدانە ڕەزامەندی بریاری نەتەوەیەکگرتوەکان هێرش بکاتە سەر عێراق و توانیشی لەماوەی سێ هەفتەدا دەسەلاتی ئەم وولاتە بروخێنێ دواجاریش هەڵبژاردن وهێنانە سەر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی و هێنانە بەردەمی سەرکرادیەتی رژێمی پێشوو بۆ بەردەم دادگاو پەتی سێدارە لێکەوتەوە، ئەمە جگە لەوەی توانی بەشێك ئەو کەسانەی کە تۆمەتی ئەنجامدانی ئەم ئەم هێرشانەیان خرایە پاڵ لەم ماوەیە دەستگیربکات.

بەلام ئەوەی من لەم راپۆرتە دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر ئەوەیە ئاخۆ لەدوای شەش ساڵ بەسەر تێپەربوونی ئەم جەنگە ئاکامەکانی بەرەوچ ئاقارێك هەنگاو دەنێ ئەمەریکاو جیهان لەکوێی هەنگاوی لەناوبردنی بردنیی تیرۆرستانن؟ئەو ئامانجانەی بەدی هاتوون بەرامبەر ئەم هەموو زیانە مرۆیی ومادیانەبەراورد دەکرێت.

لەدوای شەش ساڵ بەسەر تێپەربوونی 11 سێپتێمبەر ئەگەر باسی زیانەکانی مرۆی هێزی ئەمەریکا بکەین بەتەنها لەماوەی چوار ساڵ لەعێراق بەگوێرەی راپۆرتەکان گەیشتۆتە 3770 کوژراوجگەلە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:25 13-9-2007

سەدان ملیار دۆلار تێچووی جەنگی وهاوکاری بۆ هاوڵاتیانی ئەم ولاتانەی لەجەنگدان ئەمەش جگەلەوەی بۆتە نارەزای ناوەخۆی وولات، رۆژ بەرۆژ ئابوری ئەم وولاتە بەرەو خراپی دەڕوات، پەپێی دوا راپۆرتی ئابووریش کەلە سایتی CNN لە11 ئەم مانگە بڵاو کراوەتەوە لەماوەی 5 ساڵی رابردوو ساڵی 2007 خراپترین ساڵ بووە لەبارەی گەشەی ئابووری لەئەمەریکا.

ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ئەوانەی تۆمەتبارن بەئەنجامدانی هێرشەکانی 11 سێپتیمبەر تائێستا دەست گیر نەکراون وەك ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری کەئەمانە بەپێی بۆچوونی چاودێران و لێکۆلەرەوانی سیاسی وەك بڕبرەی پشتی سەرجەم ئەم هێرش ودەست درێژیانە کە لەناوچەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت، مانەوەشاین وەك رەمزی بەردەوامی رێکخراوی قاعیدەو هێزەتوندرەوەکانی تری جیهانە وشکستی ئەمەریکاشە دژی تیرۆر.

ئەگەرباسیش لە عێراق بکەین دوای چوار ساڵ بەسەر رزگاری عێراق وگەورەتیرن زیانی مرۆی لەهێزی سوپای ئەمەریکا کەوتووە بەپێ دوا ئامارەکان تائێستا ژمارەی کوژران گەیشتۆتە 3770 کەس وئەمە جگە لەکوژرانی هەزاران کەسی وبێتاوان ومالوێران وئاواربوونی هەزران خەڵکی عێراق تائێستا.

دوای گۆرینی سێ سەرۆك وەزیران دامەزراندنی حکومەت وپەرلەمان لەعێراق نەتوانراوە تەنانەت خودی شاری بەغداد کەپایتەختی عێراقە جگە لەناوچەی سەوز ئارامی بۆدابین بکرێت، تائێستا گەرەك نیە رۆژانە تەقینەوەو کاری تیرۆرستی تیادا نەکرێت سەدانی خەڵکی بێتاوانی تیادا نەکوژرێت لەبەرامبەر هەموو ئەوانە رۆژنیە گەڵی عێراق گوێبیستی کەم کردنەوەو پاشەکشێیی ئەمەریکا نەبێت لەعێراق.

ئەوەی ماوەتەوە بیلین ئەوەیە ئاخۆ لەگەڵ نزیك بوونەوەی هەلبژادنەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2008 هاتنەسەر کاری حزبی دیموکراتەکات ئاراستەی جەنگی دژە تیرۆ بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ عێراق هەر لەژێر رکێفی سوپای ئەمەریکی ئەمێنێتەوە یان دەخرێتە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەی ئاکامی مادەی 140 و هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێرق چۆن دەبێ؟ کورد دەبێت بەدەوڵەت یاخود حکومەتی عێراق هەربە یەکپارچە دەمێنێتەوە ئەم پرسیارانە دەبێت زەمەن وەڵامان بداتەوە؟ ئەی تۆ بۆچوونت چی یە لەمەر ئەم هاوکێشانە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.